# هەواڵنامە

پێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان

ژ:١

٢٠٢٥/١٢/٣١

www.kyfo.org





## بەشداریکردنی سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان لە گردبوونەوەیەکی لاوانە بۆ پاڵپشتی لیستی ٢٢٢

ئەمڕۆ 4/11/2025 لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی هەڤاڵان قوباد تاڵەبانی لێپرسراوی بازنەی هەڵبژاردنی پارێزگای هەولێر و دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ و هێرش نامق سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، سێکتەری گەنجانی هەولێر هەڵسان بە ئەنجامدانی گردبوونەوەیەکی لاوانە، بۆ لاوانی شاری هەولێر.
لە چوارچێوەی گردبوونەوەکەدا چالاکی هونەری پێشکەش کراو و پاشان لە لایەن م. سۆران عومەر وتارێک لەسەر لاوی بنیاتنەر پێشکەشکراو و لە میانەی وتارەکەیدا بانگهێشتی قوباد تاڵەبانی کرد کە بەرنامەو پلانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ پاڵپشتی لاوان ڕون بکاتەوە.
قوباد تاڵەبانی ئەوەی ڕوونکردەوە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەردەوام لە نوێبونەوەدایە و بەخوێنێکی گەنجانەوە، شەڕی بەدەستهێنانی مافەکانی لاوان دەکات و دەبنە دەنگ و ڕەنگی لاوان.
لە کۆتاییشدا ئەکتەری بەتوانا هەیمەن هۆمەر باسی لەژیانی پیشەیی خۆی کرد و ڕێگاکانی بەدەست هێنانی ئامانج و گەیشت بەخەونەکانیانی بۆ لاوان باسکرد.


ئەم هەواڵنامەیە لە لایەن بەشی ڕاگەیاندنی مەکتەبی سکرتاریەت ئامادەکراوە.

Kurdistan Youth Freedom Organization newsletter

## بەیاننامەی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، لەسەر دەستدرێژی بۆسەر تیمی بانگەشەی لاوانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەشاری هەولێر.



لە کاتێکدا سەرقاڵ بووین بە بانگەشەیەکی یاساییانە و دیموکراسیانە بۆ لیستی ژمارە 222ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پەلاماردانی لاوێکی خوێنگەرم و کوڕە شەهیدێکی یەکێتی لە شەقامەکانی پایتەخت لە لایەن کەسانێکی ئاڕاستەکراو، پەیامی قبوڵنەکردنی دۆستایەتی و پێکەوەژیان و جیاوازیەکانە کە ئەمەش پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسیەت و پێشێلکردنی ئازادیی سیاسی و تاکەکەسیە. باوکی ئەو گەنجەی پەلامارداروە گیانی خۆی بەخشیوە بۆ بەرهەمهێنانی ئازادی و خۆشبەختی بۆ منداڵ و نەوەکانی پایتەخت و کوردستان، بەڵام لە پایتەختدا سووکایەتی بە کوڕەکەی دەکرێت. بەدیاریکراوی شوێنی ئەو ڕوداوە لەشاری هەولێری ئەزیزمان، لەبری ئەوەی شوێنێک بێت بۆ گەشەپێدانی هزری سیاسی و گیانی یەک قبوڵکردنی ڕەنگە جیاوازەکان، لە سایەی پارێزگارێکی نابەرپرس بۆتە شوێنی بەدرەوشتی و کاری نەشیاو و کۆبوونەوەی کەسانێک کە زیان بە کۆمەڵگەی کوردیمان دەگەیەنن و هەڕەشەن بۆ شیرازەی ئاینی و کۆمەڵایەتی و کلتوریمان.

ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان ئەمە قبوڵ ناکات و زۆر بەتوندی ئیدانەی دەکات، لەو سۆنگەیەوە کە ڕێکخراوەکەمان داکۆکیکاری هەموو لاوان و گەنجانی کوردستانە، بە مافی خۆمانی دەزانین سکاڵای یاسایی لەسەر بکەرانی ئەم کردەوەیە تۆماربکەین و لە دادگا حەق بۆ خاوەن ماف وەربگرینەوە و بیکەینە وانەیەکیش کە هیچ کەسێک جورئەتی وەها کارێکی نەبێت دووپاتی بکاتەوە.

ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان پشتیوانی لە هەموو لاوان و گەنجانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکات و داوایان لێدەکات کە بە هەمان گوڕوتینەوە بەردەوام بن بۆ سەرخستنی لیستی 222ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.



## دیداری لاوان، نوێگەری و خۆگونجاندن

بەبەشداری قوباد تاڵەبانی و شاڵاو کۆسرەت ڕەسوڵ و سەرپەرشتیارانی بازنەی هەڵبژاردنی کۆیە، سێکتەری گەنجانی کۆیە ڕۆژی ٢٠٢٥/١٠/٢٢ لە چوارچێوەی بانگەشەی لیستی 222 ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دیداری لاوان، نوێگەری و خۆگونجاندنیان ئەنجامدا و چەندین تەوەری تایبەت بەلاوان تاوتوێ کرا ...

# سەردانی سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بۆ سەنتەرەکانی: سەید سادق، هەڵەبجەی تازە و دەربەندیخان









بەمەبەستی سەردانیکردن و لەنزیکەوە بینینی لاوانی سنورەکە، هێرش نامق سکرتێری ڕێکخراو، سەردانی سەنتەرەکانی سەید سادق، هەڵەبجەی تازە و دەربەندیخانی کرد، لەسەرەتای سەردانەکەیدا لەگەڵ لاوانی سەیدسادق کۆبۆوە و گوێی لەداواکاریەکانیان گرت و گفتوگۆیەکی ووردکرا دەربارەی پرسەکانی لاوان، پاشان گفتوگۆکرا دەربارەی ڕۆڵی لاوان لەسەرخستنی لیستی 222 ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق،
هەر لەشاری سەیدسادق بەڕێز سکرتێری ڕێکخراو سەردانی لێپرسراوی بازنەی هەڵبژاردنی سنورەکە و ئۆرگانەکانی تری یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کرد.
لەدرێژەی سەردانەکەیدا بۆ شارەزور هەڤاڵ هێرش نامیق سەردانی سەنتەری هەڵەبجەی تازەی کردو لەوێ چاوی کەوت بەئەندامانی ڕێکخراو و ژمارەیەک لەلاوانی سنورەکە و گفتوگۆکرا دەربارەی دۆخی لاوان لە شارەکە و پاشان بەڵێنی هەموو هاوکارییەکی پێدان کە لەتوانای ڕێکخراودایە.
لەکۆتایی سەردانەکەشدا سەردانی شاری دەربەندیخان و سەنتەری دەربەندیخانی کرد و لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا بەیاوەری هەڤاڵ جەمالی عەلی مینا و لێپرسراوی کۆمیتەی سنورەکە لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاوی کچان و کوڕانی سنورەکە کۆبوونەوەو باسی لاوان و بەشداری گرنگیان لەهەڵبژاردن کرا و داوایان کرد لاوان بەگڕوتین و خوێنی تازەوە هانی خەڵکی بدەن بۆ بەشداریان لە پرۆسەی دەنگدان و سەرخستنی لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بۆ ئەوەی هەمیشە پاڵپشت و پشتیوانی لاوان بکرێت بەسەرکەوتنی یەکێتی، کە حزبێکە بەردەوام لەنوێبوونەوە و گەنجبوونەوەدایە.

## سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بۆ لەگەڵ سەرۆک تیمەکانی بازنەی لاوانی هەولێر کۆبۆوە.

ڕۆژی سێ شەممە بەرواری 7/10/2025 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لەشاری هەولێر، هێرش نامق سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، لەگەڵ سەرۆک تیمەکانی بازنەی لاوانی سنوری هەولێر کۆبۆوە.
لەسەرەتای کۆبونەوەکە کە دابان حسن ل. سەنتەری هەولێر ئامادەی بوو، بەخێرهاتنی گەرمی هەڤاڵانی کردو ،تیشکی خستە سەر ڕۆڵی لاوان و خۆ ئامادەکردنیان بۆ بانگەشەی لیستی 222 ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە لاوان کۆڵەکەی یەکێتین و دەبێت بە ڕۆحیەتێکی یەکێتیانەوە بانگەشە بۆ سەرخستنی لیستەکەو کاندیدەکانی بکەن.
هەر لەچوارچێوەی کۆبوونەوەکە ئامادەبووان گفتوگۆیان کرد دەربارەی بابەتی پەیوەندیدار بەهەڵبژاردن و چۆنیەتی ئەنجامدانی بانگەشەیەکی ساخلەم و لاوانە.




## ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان: خوێندکارانی سنوری هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و هەڵەبجەی بردە پێشەنگای نێکست ستێپ.

ڕۆژانی 28,29,30 سێپتێمبەری 2025 لەشاری سلێمانی پێشەنگای نێکست ستێپ بۆ خوێندکارانی دەرچووی پۆلی دوانزەی ئامادەیی ئەنجامدرا، بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لەزانکۆ و پەیمانگای حکومی و ئەهلی لە سەرانسەری کوردستان و وولاتانی دەرەوە، کە ژمارەیکی زۆر لە خوێندکاران بەشداریان کرد.
ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان وەکو هاوبەشی پێشەنگای نێکست ستێپ، لەخەمخۆری بۆ داهاتووی خوێندکارانی دەرچووی پۆلی دوانزە، ژمارەیەکی بەرچاو خوێندکاری دەرچووی لە سنوری پارێزگاکانی هەولێر،کەرکوک، سلێمانی و هەڵەبجەی شەهیدی بردە پێشەنگای نێکست ستێپ بۆ ئەوەی خوێندکاران سودمەندبن لە چەندین دەرفەت و هەلی ناوازە کە لەلایەن زانکۆ و لایەنە بەشدارەکانی پێشەنگاکەدا پێشکەشکرابوون، وە فۆرمی زانکۆ لاینیان بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ بۆ پرکرایەوە، تاوەکو داهاتوویان نەکەوێتە مەترسیەوە بە پرکردنەوەی فۆرمەکانیان لەلایەن کەسانی نەشارەزاوە.
ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستانیش وەکو پیشەیی هەمیشەیی خۆی بە شێوەیەکی بەرچاو ئەندامانی ڕێکخراوەکە ڕۆڵیان هەبوو لە بەشێک لە ڕێکخستن و هاوکاری و هێنانی خوێندکاران لە شارەکانی کۆیە و کەرکوک و هەڵەبجەی تازە و هەڵەبجەی شەهید، کە سەنتەرەکانمان لەو شارانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو تاوەکو زۆرترین خوێندکار سودمەندبێت لە پێشەنگاکەدا.

## دیداری پارێزگاری کەرکوک و ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان



بەڕێز ڕێبوار تەها پارێزگاری کەرکوک، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کەرکوک، چاویکەوت بە سهام کریم جێگری سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان و هەڵۆ جمال لێپرسراوی سەنتەری کەرکوکی ڕێکخراوەکە و ستافی سەنتەرەکە. لە دیدارەکەداگفتووگۆکرا سەبارەت بە داخوازی لاوان و بایخدان بەو توێژە.
بڕیاریشدرا لە داهاتوویەکی نزیکدا چەندین پرۆژەی گرنگ لە کەرکوک بۆ لاوان جێبەجێ بکرێن.





## کۆتایی هاتنی وۆرکشۆپی (CBC) و (ECG) ی پزیشکی لە شاری ڕانیە.

ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، سەنتەری ڕانیە بەهاوبەشی لەگەڵ بەشی پەرەپێدانی پیشەیی بەردەوام لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین، ۆرک شۆپێکی یەک ڕۆژەی ئەنجامدا بۆ (خوێندنەوەی هێڵکاری دڵ و پشکنینەکانی خوێن) ۆرک شۆپەکە لەلایەن ڕاهێنەری بە ئەزموون (ڕەوا احمد) پێشکەشکرا بۆ دەرچوانی بەشە پزیشکییەکانی سنوری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین، کە زیاتر لە 80 کەس لە ۆرک شۆپەکە بەشداربوون. لە کۆتایدا بڕوانامەی بەشداری کردن بە بەشداربوان بەخشرا.

## نوێنەرانی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بەشداریان کرد لە خولی سەرکردایەتی سیاسی لاوان لە وڵاتی ئوردن.



لە ڕۆژانی 13 و 14 /9 / 2025، وەفدێکی لاوان و گەنجانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە نوێنەرایەتی پەیوەندییەکانی دەرەوە سەردانی عەممانی پایتەختی شانشینی ئوردنیان کرد و بەشدارییان لە خولێکی (سەرکردایەتی سیاسی لاوان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا) کرد، کە بەشداربووانی خولەکە کچان و کوڕانی لاوی حیزبە سۆسیالیستیەکانی وولاتانی عێراق، ئوردن، لوبنان، فەلەستین، میسر و تونس بوون.

خولی سەرکردایەتی سیاسی لاوان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا، لەلایەن سەنتەری بەهێزکردنی کۆمەڵگا لە عەممانی پایتەختی ئوردن بە پاڵپشتی پارتی کرێکارانی بەریتانیا و دامەزراوەی وێست مینیستەر بۆ دیموکراسی، بەسەرپەشتی دامەزراوەی FMS ی هۆڵەندی ڕێکخرابوو.

---

## 34 ـەمینساڵیادی دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان پیرۆزبێت.

لەم یادە پیرۆزەدا ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان گەرمترین و جوانترین پیرۆزباییتان ئاراستەدەکات و هیوای بەردەوامی سەرکەوتنتان بۆدەخوازین وەکو هەمیشە.

کەناڵی گەلی کوردستان وەکو یەکەمین میدیای بینراوی کورد، لەکاتی خۆیدا داهێنان و شۆڕشێکی میدیایی بوو لە باشوری کوردستان، بۆیە هیواخوازین ئێستاش بەهەمان ڕۆحیەتی ئەوساکەوە هاوتەریب بەداهێنان و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی سەردەم، بەردەوامی بە کارکردنتان بدەن و ببنە زمانحاڵی لاوان و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان وێڕای سوپاسگوزاری، شانازیش بەوەدەکات لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، ئەم کەناڵە شکۆمەندە دەنگوڕەنگی ڕێکخراوەکە بووە لەهەموو کارو چالاکی و پڕۆژەکانیدا، بۆیە ئێمەش لەیادی دامەزراندنتاندا، هاوشانی ئێوە دڵخۆشی خۆمان دەردبڕین و دووبارە پیرۆزبایی گەرمتان ئاراستە دەکەین.

ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان

Gali Kurdistan CHANNEL

## کۆبوونەوەی سکرتاریەتی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، لەگەڵ هەڤاڵ ڕەفعەت عەبدوڵا.



ئەمڕۆ بەرواری 10/9/2025 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەشاری سلێمانی، وەفدێکی سکرتاریەتی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، بەسەرۆکایەتی هێرش نامق سکرتێری ڕێکخراو بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی کوردستان لەگەڵ هەڤاڵ ڕەفعەت عەبدوڵا جێگری سەرۆکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کۆبوونەوە. لەسەرەتای کۆبوونەوەکە هەڤاڵ ڕەفعەت عەبدوڵا بەخێرهاتنی وەفدەکەی کردو باسی لە بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی و کوردستان و گۆڕانکاریە حزبییەکانی ناوەخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کرد و تیشکی خستە سەررۆڵی لاوان لە گۆڕانکاریەکاندا و ڕۆڵی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە خزمەتکردنی لاوان و پێگەیاندنی کادیری لاو بۆ حزب و کۆمەڵگا کە لە سێکتەرە جیاوازەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، هەربۆیە داوای کرد بەرنامەو پرۆگرامی ڕێکخراوەکە لەگەڵ پێداویستیە هەنوکەییەکانی لاوان بگونجێندرێت و بەردەوامبن لەخزمەتکردنی لاوان بەبێ جیاوازی ڕەنگ و ئایدۆلۆژی. هەر لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا هەڤاڵ هێرش نامق سکرتێری ڕێکخراو، باسی لە کاروچالاکییەکانی ڕێکخراو کرد لە خزمەتکردنی لاوان و دووبارە درووستکردنەوەی پەیوەندییە ناوەخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی ڕێکخراو، وەباسی لەگرنگی ڕۆڵی لاوان و ڕێکخراوی ئازادیی لاوانکرد لە پێگەیاندنی کادیری لاو و هێنانەپێشی خوێنی تازە بۆناو کایەی سیاسی و دۆزینەوەی بەهرەشاراوەکانی لاوان لەڕێگای برەودان بەتواناکانیان.
هەر لەمیانەی کۆبوونەوەکە هەڤالانی سکرتارییەت ڕاوبۆچونی خۆیان خستەڕوو لەبارەی چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی توانای لاوان و چۆنیەتی خزمەتکردنیان لە داهاتوودا، بۆ ئەوەی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان وەکو قوتابخانەیەک بمێنێتەوە لە درووستکردنی تاکی سودبەخش بۆ کۆمەڵگا.

## سەردانی شاندی کۆردناسیۆنی گەنجانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان



لە درێژەی سەردانەکەیان بۆ باشووری کوردستان ئێوارەی ئەمڕۆ شاندی کۆردناسیۆنی گەنجانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەردانی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستانیان کرد، لە شاری سلێمانی و لە گەڵ جێگری سکرتێر کۆبوونەوە دا.
لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی کاروچالاکی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان و کارەکانی کۆردناسیۆنی گەنجانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵی ڕابردوودا کراو ڕۆڵی کارکردنی پێکەوەی بە گرنگ زانرا، هەروەها ئەو ئاستەنگییانەی ڕووبەڕوی لاوان و گەنجان دەبنەوە بە تایبەت لە باشوری کوردستان و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ڕوودەدەن و ڕۆڵ و پێگەی گەنجان لەم بارودخەدا.

## پیرۆزبایی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بۆ سەرۆک بافڵ تاڵەبانی




ئێمە لە ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان زۆردڵخۆش و شادمان بووین بە هەڵبژاردنت وەک سەرۆکی هاوپەیمانی حیزبە سۆسیال دیموکراتەکانی وڵاتانی عەرەبی. هەربەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە جەنابتان و خۆمان و یەکێتیەکەمان و گەلی کوردستان دەکەین کە ڕۆڵەیەکی گەلەکەمان بە سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆکایەتی هاوپەیمانێتیەکی مەزنی وەک هاوپەیمانی سۆسیال دیموکراتی عەرەبی دەکات. بە ئیلهام وەرگرتن لە سەرکردایەتیتاندا، ئێمە لە ڕێکخراوەکەمان لاوانی کوردستان هاندەدەین بۆ بەشداریەکی کارا و چالاک لە پرۆسەی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بە مەبەستی دروستکردنی سەرکردەی بوێر و ژیر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگاریە چاوەڕوانکراوەکان کە لەبەردەم گەلەکەماندایە. چاوەڕوانین ناوچەکە لەسایەی سەرۆکایەتی ئێوەدا لە گەشەی هزری سیاسی و قایمکردنی کۆڵەگەی دیموکراسی بێت کە پێویستیەکی حەتمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.
دووبارە پیرۆزبێت و هەر سەرکەوتووبن.

## لە یاریگاکانی موسڵەوە بەرەو چامپیۆنسلیگ، لە سەیدسادق ناسێنرا.

سەنتەری سەید سادقی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، لە بارەگای سەنتەر، بەئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەخوێنەران و وەرزش دۆستان، کتێبی لە یاریگاکانی موسڵەوە بەرەو چامپیۆنسلیگ، کە بیرەوەریەکانی یاریزانی بەناوبانگی کوردی هەڵبژاردەی عێراق هاوار مەلا محەمەدە، لایەن ئامادەکاری کتێبەکە د. هانا محەمەد کەساس ناسێنرا و گفتوگۆی لەبارەوە کرا.



بەشداریکردنی بەڕێز هێرش نامق سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، لە کۆنفرانسی هاوپەیمانیی سۆسیال دیموکرات لە سلێمانی و ئەنجامدانی چەندین دیدار و کۆبوونەوە لەپەراوێزی کۆنفرانسەکەدا.







بەشداری کارای ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان لە سێیەمین ڕۆژی کۆنفرانسی هاوپەیمانیی سۆسیال دیموکراتی وڵاتانی عەرەبی.



## سیمیناری کۆچی لاوان و مەترسیەکانی کۆچی نایاسایی

ڕۆژی یەکشەممە بەرواری 24/8/2025، ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، سەنتەری سلێمانی بە هەماهەنگی دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ، سیمینارێکی تایبەت بە کۆچی لاوان و مەترسیەکانی کۆچی نایاسایی بۆ کۆمەڵێک لاوی شاری سلێمانی ڕێکخست، کە لەسیمینارەکەدا لەلایەن کەسانی شارەزاوە مەترسیەکانی کۆچی نایاسایی لەسەر ژیان و ئایندەی لاوان ڕوونکرایەوە و هانی لاوانیاندا کە دووربکەونەوە لە کۆچی نایاسایی.

لە ڕۆژی جیهانی لاوان، سەنتەری هەڵەبجەی شەهیدی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بە هاوکاری خوێندکارانی بەشە پزیشکیەکانی کۆلیجی تەکنیکی هەڵەبجە، لە سەنتەری پارێزگای هەڵەبجەدا هەستان بە ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی بێبەرامبەر بۆ لاوان و هاوڵاتیانی شاری هەڵەبجە، کە لە چالاکییەکەدا زیاتر لە 200 پشکنینی بێبەرامبەر بۆ هاوڵاتیان ئەنجامدرا، کە پشکنینەکان بۆ بەکتریای گەدەو دیاریکردنی گروپی خوێن و پشکنینی پەستانی خوێن و شەکرە، لەهەمانکاتدا ڕێنمایی پێویستیش بەچارەخوازاندرا بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بپارێزن.




لە ڕۆژی جیهانی لاواندا، سەنتەری کەلاری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، پێشبڕکێیەکی مەلاوانی بۆ لاوانی شاری کەلار و دەوروبەری کردەوە بەبەشداری نزیکی (50) یاریزان، لە کۆتایشدا خەڵات بەسەر براوەکانی پێشبڕکێکەدا دابەشکرا.



سێ شەممە 12/8، لەڕۆژی جیهانی لاواندا سەنتەری کۆیەی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بەهاوبەشی کتێبخانەی گشتی کۆیە، پانێلێکی ڕێکخست بەناو نیشانی (لاوان لە نێوان ئەرکی ئێستا و خواستی ئایندە) کە پانێلەکە چوار تەوەری لەخۆ گرتبوو پەیوەست بە دۆخی هەنوکەیی لاوان و ئاستەنگ و خۆ پێگەیاندن کە تەوەرەکان لەلایەن کەسانی ئەکادیمیەوە پێشکەش کران و گفتوگۆیان لەبارەوە کرا.

تەوەری یەکەم: لاوان و بەشداری سیاسی
م. حازم عەلی
تەوەری دووەم: کارسازی لەسەردەمی زیرەکی دەستکرد
م. سۆران عمر
تەوەری سێیەم: لاوان و سەردەمی سۆشیال میدیا
ڕۆژنامەنوس هاوکار ڕەندیخانی
تەوەری چوارەم: هۆکارەکانی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری لەناو لاواندا.
پارێزەر ئەڤین جوبرائیل








لە ڕۆژی جیهانی لاوان سەنتەری سلێمانی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، سیمینارێکی بەناونیشانی (لاوان لە هەرێمی کوردستان، دەرفەت و بەرۆکگیرییەکانی بەردەم دەرکەوتن و پێگەیشتن) لەلایەن دکتۆر هێرش ڕاگری کۆلێجی کارگێڕی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی بۆ کۆمەڵێک لاوی شاری سلێمانی ڕێکخست بە ئامانجی ڕوون کردنەوە و تێگەیشتن لەو ئاستەنگ و گرفتانەی دێنە بەردەم لاوان لە نیشاندان و دەرخستنی توانا و بەهرەکانیان و پێگەیشتنیان و لابردنی ئاستەنگەکان.



ڕۆژی پێنج شەممە، 31/7/2025 لە شاری کەرکوک کۆتا ڕۆژی خولی پەرەپێدانی کارامەیی پزیشکی بۆ لاوانی شارەکە بەڕێوەچوو، کە نزیکی 90 کەس لە کچ و کوڕانی لاو و دەرچووی بەشە پزیشکییەکان بەشداریان تێداکرد.
لە کۆتایی خولەکەدا، بە ئامادەبونی هەریەک لە (د. فەرهاد) سەرۆکی کۆمەڵەی تەندروستی کەرکوک و خاتوو (سهام کریم) جێگری سکرتێری ڕێکخراو ، بڕوانامەی بەشداربوون درا بە بەشداربووانی خولەکە.



## سیمینارێکی تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی خانمان لە مەترسیەکانی شێرپەنجە بەڕێوەچوو

لە زنجیرە بەرنامەکانی  هۆشیارکردنەوەی لاوان ، سەنتەری کەرکوکی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، سیمینارێکی تایبەت بە هۆشیارکردنەوە و بەرەنگاربونەوەی نەخۆشی شێرپەنجەی بۆ لاوانی کەرکوک ئەنجامدا. لە سیمینارەکەدا نوێترین زانیاری و گۆڕانکاریە جیهانیەکان لە خۆپاراستن و ئاگادارکردنەوە و چارەسەرەکان بۆ لاوان لە لایەن بەڕێز دکتۆرە شەیما سەردار خرانەڕوو



## بەیاننامەی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بە بۆنەی یادی دامەزراندنی ی.ن.ک

بەرزو پیرۆزبێت نیوسەدە خەبات
50 ساڵ بەردەوامی بە بیر و وزەی لاوانەوە.
50 ساڵ پێش ئێستا، لەسەر دەستی چەند لاوێکی خوێن گەرم و نیشتمان پەروەر بەسەرکردایەتی سەرکردەو ڕابەرمان هەڤاڵ مام جەلال، جاڕی حزبێک درا، کە بەخوێنی لاوانەوە چرای گەشی میللەتێکیان داگیرساند و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان بەیانکرد.
لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حزبێک کە لە سەرەتای درووست بوونیەوە جێگای هیوا و ئومێدی نەتەوەی کورد بووە لە سەردەمانێک کە تروسکایی هیوا بەدی نەئەکرا، مام و هاوڕێیانی بوونە هیوا، پیرۆزبایی لە خۆمان و تەواوی نەتەوەی کورد دەکەین.
ئێستا لە کوردستانێکی ئازاد، یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی حزبەکەمان دەکەینەوە، کە بە هەمان شێوەی سەرەتای درووستبوونیەوە، ئێستاش سەرۆک و سەرکردایەتی یەکێتی لە لایەن لاوانەوە بەڕێوەدەبرێن و پڕیەتی لە خوێن و وزەی گەنجانە بەسەرکردایەتی سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی، کە بەردەوام تێدەکۆشن و سیاسەت دەکەن بۆ کوردستانێکی ئارام و خۆشگوزەران.
هەر لەم یادە بەڵێن دووپات دەکەینەوە کە بەوزەیەکی یەکێتیانەوە لەسەر سیاسەتی چەپکە گوڵەکەی مام بەردەوامبین لە خزمەتی لاوان و داکۆکیردن لەمافەکانیان بێ جیاوازی ئاینی و نەتەوایەتی.
دووبارە پیرۆزبێ یوبیلی زێڕینی دامەزراندنی  یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان

ئازادی، چوونیەکی، چالاکی
Freedom – Identity – Activism
ku.kyfo.org



## پەیامی پیرۆزبایی
## بەڕێز بافڵ جەلال تاڵەبانی
## بە بۆنەی (٢٦)ەمینساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان

بەڕێزان سکرتێر و سکرتاریەت و ئەندامانی ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان.
لە یادی 26 ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەتاندا لە دڵەوە پیرۆزبایی گەرم لە ئێوە و تەواوی لاوانی کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازم.
لای ئێمە لاوان و گەنجان پێگەیەکی تایبەتیان هەیە و هەمیشە باوەڕم وایە هیچ پێشکەوتن و گۆڕانکارییەک لە هەرێمەکەمان بەبێ بەشداریی کارای لاوان بەدینایەت، بۆیە ئەرکی هەموولایەکە هاوکارتان بن و پێزانینیان هەبێت بۆ ئەو خزمەتە گەورەیەی پێشکەشی دەکەن و خۆشم پشتیوانیی بەردەوامتان دەبم.
هیوادارم بە سوودبینین لە پێشکەوتنەکانی سەردەم هاریکار و ڕێگەنیشاندەری لاوان بن تاوەکو ئەوانیش بە گیانێکی داهێنەرانەوە هەوڵی بەرەوپێشبردنی کوردستانەکەمان بدەن.

بافڵ جەلال تاڵەبانی
سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

# یادی دامەزراندنی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان پیرۆزکرا.

ئەمڕۆ ٢٠٢٥/٥/٢٦ لە شاری هەولێر لەمەراسیمێکدا یادی دامەزراندنی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان کرایەوە و لە پێشەنگایەکدا کاروچالاکییەکانی ساڵی ڕابردوو پیشاندراو پێشوازی لەمیوانان کرا.
لەکاتی کردنەوەی مەراسیمەکەدا، هەڤاڵ قوباد تاڵەبانی و چەندین بەرپرسی حکومی و حزبی و میوان لە ڕێکخراوەکان ئامادەبوون و پیرۆزبایی یادی دامەزراندنی ڕێکخراویان کرد.
ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان لە ساڵی 1999 لەسەر دەستی هەڤاڵ مام جەلال دامەزرا بۆ خزمەتکردنی چینی لاوان، لەو کاتەوە ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بەگەرمووگوڕییەوە خزمەتی توێژی لاوان دەکات.









# بەیاننامەی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان لە یادی دامەزرانیدا.

ڕێکخراوی ئازادیی لاوان بەبۆنەی یادی 26 ساڵەی دامەزراندنی، پیرۆزبایی لە هەموو لاوانی کوردستان دەکات. دامەزراندنی ڕێکخراوی ئازادی لاوان لە کاتێکدابوو کە کوردستان لە گێژاوێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بوو و لاوان لە کۆمەڵگەیەک دەژیان کە متمانەی بەخۆیان و کارامەییەکانییان نەبوو، بەڵام ئازادیی لاوان توانی ڕەچەشکێنی بکات بۆ دروستکردنی لاوی سەرکردە و متمانەبەخۆبوو کە بتوانن ئامادەسازی بکەن بۆ گۆڕانکارییەکانی سەرەتای سەدەی 21.

لە ماوەی 26 ساڵی ڕابردوودا، ئازادیی لاوان تەنیا ڕێکخراوێک نەبووە بەڵکوو بوونی خۆی سەلماندووە لە هەموو کووچە و کۆڵانێکی نیشتمان، بێ ماندووبوون و بێ وەستان بە ئەرکی خۆی زانیووە کار بکات بۆ دروستبوونەوە و هیوابەخشین بە لاوان، کردارمان نیشانی ئەوەی داوە ئێمە ڕێکخراوێکی فرەڕەنگین و کار دەکەین بۆ کوردستانێکی ڕەنگین.

ڕێکخراوی ئازادیی لاوان بەردەوام دەبێت لە مانابەخشین بە تواناکانی لاوان و دەستگیرۆییان بۆ کاریگەریدانان لەسەر تەواوی سێکتەرەکان و بڕیارە گرنگ و چارەنووسازەکان. وشیاربوونەوەی لاوان ئەرکی لە پێشینەی ڕێکخراوەکەمانە، ئێمە کار دەکەین بۆ دروستبوونی لاوێکی تەندروست بۆ داهاتوویەکی گەش. بە ئیلهاموەرگرتن لە ئەزموونی رابردوو کار لەسەر ئاڵنگارییە سەردەمییەکان دەکەین کە بوونێکی ڕاستەقینەیان هەیە لە داهاتووی کۆمەڵگەکەمان لەوانە کۆچی نایاسایی، گۆڕانی کەشوهەوا، بێکاری، ماددە هۆشبەرەکان، تێکنۆلۆژیا و ژیریی دەستکرد، کارسازی و ئامادەکردنی لاوان بۆ بازاڕی کار کە بازاڕێکی نوێیە و پێویستیی بە توانا و کارامەیی نوێ هەیە. ئێستا جیهانەکەی پێش 26ساڵ نییە و ئێمە بەو دیدگایەوە کار دەکەین کە لاوان ئامادە بکەین بۆ جیهانێکی بەردەوام گۆڕاو.

دوای 26 ساڵ بە لاوان دەڵێین هیوا لە بێهیوایی دروست دەکەین و لاوان هێزی کاریگەر و گۆرانکارین، نە ماندوو دەبین و نە بێهیوا، دووبارە ئەو یادە مەزنە لە هەموو لاوانی نشتیمان پیرۆز بێت.

ڕێکخراوی ئازادیی لاوان کوردستان
26ی 5 ی 2025



# پیرۆزبایی کاک قوباد تاڵەبانی بۆ ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان لە یادی دامەزرانیدا.

ئازادی، چونیەکی، چالاکی
Freedom – Identity – Activism
ku.kyfo.org



**پەیامی پیرۆزبایی**
**بەڕێز قوباد تاڵەبانی**
**بە بۆنەی (٢٦)ـەمینساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان**

بەڕێزان سکرتێر و ئەندامانی سکرتاریەتی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان
یادی دامەزراندنی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان پیرۆزبێت، هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنتان بۆ ئەخوازم.
ڕابردوو و ئێستای خەباتی ڕێکخراوەیی و ئەو پلان و بەرنامە گشتگیرەی بۆ هوشیارکردنەوەی لاوان گرتوتانەتە بەر، بۆتە مایەی گەشەکردنی لاوان و پەروەردەکردنی کادری بەئەزمون و بەهرەدار و بەئەمەک و لێوەشاوە کەپێشەنگی کۆڕی خەبات و ئەرکە ڕێکخراوەییەکان بن.
لەگەڵ بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا خۆتان زیاتر ڕێکبخەنەوە و ریزەکانتان ببوژێننەوە تا هاوتای قۆناغەکە داخوازی و خواستەکانی لاوان یەکبخەن لەخزمەتی ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەماندا.

قوباد تاڵەبانی
لێپرسراوی مەکتەبی سکرتارییەتی سەرۆک مام جەلال

## سەنتەرەکانی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان لە سەرانسەری کوردستان.



بە کرمانجی ژوروو، هەورامی، ئینگلیزی

## لاو شەنگستێ سەرەکی یە بو گوهرینا دورهێلی.

## جوانێ سەرمەشقێنێ پەی ئەوە فاڕیای ئەرێنی.

# Youth are key role models in driving positive transformation.



# وەفدێکی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بەشداری لە ئەنجومەنی یەکێتی نێونەتەوەی لاوانی سۆشیالست کرد لە وڵاتی کۆسۆڤۆ

لە ڕۆژانی 15 تا 18 ی مەی 2025، لە شاری پریشتینا لە وولاتی کۆسۆڤۆ، وەفدێکی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بەشداریانکرد لە ئەنجومەنی ساڵانەی یەکێتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆشیالست کە بەرزترین دەسەڵاتە لە نێوان دوو کۆنگرەدا، بۆ بڕیار دان لە سەر پرسە چارەنوسسازەکانی پەیوەندیدار بە یەکێتیەکەو بارودۆخی جیهانی.

لە ڕۆژی یەکەمی ئەنجوومەنەکەدا، کۆبوونەوەی کۆمیتەی میدیتریانە( دەریای ناوەڕاست)ئەنجامدران و تاوتوێی دۆخی ناوچەکەکراو بابەتە گەرمەکان تاوتوێکران، پاشان بۆنانی ئێوارە لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی کۆسۆڤۆ و سەرۆک وەزیری پێشوتری یۆنان کۆبوونەوە.

ڕۆژی دووەمی ئەنجوومەنەکە بە ووتاری ڕێکخراوی میواندار دەستی پێکرد و پاشان هەریەک لە سەرۆک وەزیرانی کۆسۆڤۆ و سەرۆکوەزیرانی پێشوی یۆنان و سەرۆکی حزبی پاسۆکی یۆنان، ووتاریان پێشکەش کرد، پاشان پانێلێک پێشکەشکرا بە میوانداری ئالبین کۆرتی سەرۆک وەزیرانی کۆسۆڤۆ و جۆرج پاپائەندریۆ سەرۆک وەزیرانی پێشوی یۆنان، پاشان دەستکرا بە جێبجێکردنی ئەجێندای ئەنجومەنەکە و دەنگدان لەسەر کۆمەڵێک پرس، پاشان سکرتێری گشتی یەکێتیەکە بەهەڵبژاردن لادرا، دەسەڵاتەکانی تاکو کۆنگرەی داهاتوو بە هیند مغیث سەرۆکی یەکێتیەکە بەخشرا.

لە ڕۆژی سێهەمدا ئەنجوومەن دەستی بەکارەکانی کردەوە و چەندین پرسی گرینگ تاوتوێکران و خرانە دەنگدانەوە کە لەلایەن ئەندامانی بەشدارەوە ئامادەکرابوون تایبەت بە پرس و کێشەکانی وولاتەکانیان بۆ ئەوەی دنگی پێویست بهێنن و بکرێنە بەربنەما بۆکارەکانی یەکێتیەکە، هەر لەڕۆژی سێهەمدا سێ جێگر بۆ سەرۆک هەڵبژێردران لەهەرسێ وولاتی سوید، ئەڵمانیا و پرتوگال، بڕیاردارا بە ئامادەکاری بۆ گۆنگرە لە ماوەی داهاتوودا، پاشان کۆتایی بەکارەکانی ئەنجوومەن هات.

هەر لە ئەنجومەنەکەدا وەفدی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، بەشداری کارایان هەبوو و چەندین دیدارو گفتوگۆی سودبەخشیان ئەنجامدا لەگەڵ ڕێکخراوە بەشدارەکان و ڕیزوولەیشنێکی هاوبەشیان لەگەڵ لاوانی باکور و ڕۆژهەڵات ئامادەکرد لەسەر پڕۆسەی ئاشتی کوردان و توانی دەنگی پێویست بهێنێت و بکرێتە بەرنامەی ئەنجومەنەکە.

یەکێتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆشیالست، یەکێتیەکی جیهانی سۆشیالستیە کە لەساڵی 1907 دامەزراوە و ڕێکخراوە سۆشیالستیەکان لەخۆدەگرێت، کە لەئێستادا زیاتر لە 130 ئەندامی هەیە لە زیاتر لە 100 وولاتەوە، ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، ئەندامی هەمیشەیی یەکێتەکەیە کە لە ساڵی 2005 ـەوە ئەندامە.



## کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ سەنتەری کەرکوکی ڕێکخراو و لاوانی کەرکوک

رۆژی سێشەممە 13/5/2025، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە ئامادەبوونی هەڤاڵ ئاسۆ مامەند لێپرسراوی بازنەی کەرکوک سەلاحەدینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەڤاڵ سوهام کریم جێگری سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان Kurdistan Youth Freedom Organization، وبە بەشداری هەڤاڵانی سەرکردایەتی حزب و لێپرسراوی مەکتەبی هەڵبژاردن و ل. مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لێپرسرای سەنتەری کەرکوک، لەبارەگای مەکتەبی سیاسی.

کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ سەنتەری کەرکوکی ڕێکخراو و لاوانی کەرکوک ئەنجامدارا و باس لە کاروچالاکیەکانی ڕێکخراو بەرنامەو پلانی ڕێکخراو بۆ خزمەتکردنی لاوان کرا، هەر لە کۆبوونەوەکەدا لەپای هاوکارییە بەردەوامەکانیان بۆ ڕێکخراو، قەڵغانی ڕێزلێنانی ڕێکخراو بە هەریەک لەهەڤاڵ ئاسۆ مامەند و فریاڵ عبدالله بەخشرا.









## ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان و زانکۆی کۆیە بەردەوامدەبن لە چالاکی هاوبەش

ڕۆژی سێشەممە وەفدێکی سکرتاریەتی ڕێکخراو و ل. سەنتەری کۆیە، سەردانی زانکۆی کۆیەیان کردو لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی کۆیە کۆبوونەوە.
لەسەرەتای کۆبوونەوەکە سەرۆکی زانکۆی کۆیە بەخێرهاتنی گەرمی سکرتاریەتی ڕێکخراویان کرد و دڵخۆشی خۆیان دەربڕی بە کارکردنیان لەگەڵ ڕێکخراوەکەمان لە پرۆژەی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان و هیوای خواست ئەمە دوا پرۆژەی هاوبەش نەبێت و لەداهاتوو بەکاروچالاکی تازە خزمەتی فێرخوازان بکەین.
لەبەشێکی تری کۆوونەوەکە جێگری سکرتێر، سوپاسی سەرۆکی زانکۆ و جێگرانی سەرۆکی زانکۆی کرد بۆ ئاسانکاری و دڵسۆزیان بۆ خزمەتی لاوان و خوێندکاران و ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش، ئەوەشی ووت کە ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بەردەوامدەبێت لە پرۆژەکانی بۆ شاری کۆیە و سەرجەم ناوچەکانی تری کوردستان بەبێ جیاوازی.
لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا سەرۆکی زانکۆی کۆیە قەڵغانی زانکۆی کۆیەی پێشکەشی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان کرد و وێنەی یادگاریان گرت.



## پێشوازی کردن لە نوێنەری بزووتنەوەی لاوانی پاسۆک ی یۆنان

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا لە شاری هەولێر بەڕێز هێرش نامق سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان پێشوازیکرد لە بەڕێز (کۆنستنتینۆس دیکاڤالاس) ئەندامی لاوانی پاسۆکی یۆنان و بەرپرسی لقی ئەسینای ڕێکخراوەکە کە ڕێکخراوەکەیان ئەندامی یەکێتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆشیالستە، وە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ئەسینایە.

لە سەرەتای دیدارەکەدا سکرتێری ڕێکخراو بەخێرهاتنی گەرمی دیکاڤالاس ی کرد و خۆشحاڵی خۆی بەدیدارەکە دەربڕی، هەر لەدرێژەی دیدارەکەدا ڕەوشی لاوانی کوردستان و چالاکی هابەش تاوتوێکران کە لە ماوەی داهاتوو پەیوەندی بەهێزتر بنیات بنرێت بۆ ئەنجامدانی کاری هاوبەش و پێگەیاندنی کادیری لاو لەڕێگەی پرۆگرامی ئاڵ و گۆڕ لەنێوان هەردوو ڕێکخراو.

هەر لەدیدارەکەدا پرسی کۆچ تەوەرێکی تری باسەکان بوون، بەهۆی ئەوەی ووڵاتی یۆنان شاڕێی کۆچبەرانە لە نێوان وڵاتانی ئاسیا و کوردستاندا لەگەڵ ئەورپا، تاوتوێی پلان و بەرنامەی کارکردنکرا لەسەر پەنابەران و کەمکردنەوەی ڕێژەی کۆچکردن، کە بەپێی میکانیزمی دانراو لەداهاتوودا پرۆگرامەکان لەهەردوو وڵات ئەنجامبدرێت، بۆلاوانی ناوەخۆو لاوانی کوردی پەنابەر لە ووڵاتی یۆنان.



## بڕوانامەی خولی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان دابەشکرا

سێ شەممە بەرواری 6/5/2025، لە مەراسیمێکی تایبەتدا و لە هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە، لە مەراسیمێکی شایستەدا بڕوانامەی بەشداریکردنی خولی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان بەخشرا بە بەشداربووانی خولەکە.

لە مەراسیمەکە کە وەفدێکی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بە سەرپەرشتی شکار ستار جێگری سکرتێر و ئەندامانی سکرتاریەت ئامادەبوون، وە بەڕێز د. محمد حسیب سەرۆکی زانکۆی کۆیە و جێگرانی سەرۆک لەگەڵ ڕاگرانی فەکەڵتیەکان و سەنتەری کۆیەی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان ئامادەی بوون، سەرەتا سەرۆکی زانکۆی کۆیە ووتارێکی پێشکەش کردوو باسی لە گرنگی ئەم خول و ۆرکشۆپانە کرد بۆ ئامادەکردنی خوێندکاران و لاوان بۆ بازاڕی کار و سوپاسی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کرد بۆ ئەم کردنەوەی ئەم خولە. هەر لە مەراسیمەکەدا شکار ستار ووتارێکی پێشکەش کرد و سوپاسی زانکۆی کۆیەی کرد بۆ هەماهەنگی و هاوکاریان لە کردنەوەی ئەم خولەو بەرنامە و دیدگای ڕێکخراوی باسکرد بۆ خزمەتکردنی لاوان لەداهاتوودا لە چوارچێوەی پلان و بەرنامەی کاردا. لە کۆتایی مەراسیمەکەشدا سوپاس و پێزانین بە ڕاهێنەران بەخشرا و پاشانیش لە لایەن سەرۆکی زانکۆ و ئەندامانی سکرتاریەت و میوانانی بەشدار بڕوانامەی بەشداریکردنی خولی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان بە بەشداربووان بەخشرا.

خولی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان زنجیرەیەک خولی پەرەپێدانە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان ئەنجامدەدرێت و وەکو یەکەم هەنگاو لە زانکۆی کۆیە ئەنجامدرا لە ماوەی نێوان 13 بۆ 17/ 4/2025 کە 35 فێرخواز تێیدا سودمەند بوون.



## کۆبوونەوەی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان و IUSY

کۆبوونەوەی بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان و یەکێتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆشیالست (IUSY)، کە زیاتر لە 130 ڕێکخراوی لاوان لە سەرانسەری جیهانەوە ئەندامی یەکێتیەکەن.
یەکێتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆشیالیست، لە ماوەی نێوان 23 تاوەکو 27 ی ئەپریل 2025، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، بۆبەشداریکردن لە کۆنفرانسی (پرسی کورد و دۆخی لاوان لە جیهانێکی گۆڕاودا: ئاڵنگاریەکان و گەشەسەندن) کە لەلایەن ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان ڕێکخرابوو.




International Union of Socialist Youth

VIM FOUNDATION

# کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی پرسی کورد و دۆخی لاوان لە جیهانێکی گۆڕاودا: ئاڵنگارییەکان و گەشەپێدان

کۆنفرانسی هاوبەشی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان و یەکێتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆشیالیست

٢٠٢٥/٤/٢٦



کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی پرسی کورد و دۆخی لاوان لە جیهانێکی گۆڕاودا، ئاڵنگارییەکان و گەشەپێدان: کە بە هاوبەشی لەلایەن ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان (KYFO) و دامەزراوەی ڤیم و یەکێتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست (IUSY)



## سەردانیکردنی وەفدی یەکێتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆشیالیست (IUSY) بۆ ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان.



ڕۆژی پێنج شەممە بەرواری 24/4/2025 لە شاری سلێمانی، یەکێتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆشیالست سەردانی بارەگای ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستانی کرد، کە وەفدەکە پێکهاتبوو لە سەرۆک و سکرتێری گشتی IUSY و نوێنەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی یەکێتیەکە لەگەڵ نوێنەری زیاتر لە پانزە وڵاتی جیهان.
سەرەتا وەفدەکە لەلایەن بەڕێز هێرش نامق سکرتێری ڕێکخراو پێشوازیکراو دڵخۆشی خۆی دەربڕی بەهاتنی وەفدەکە و ئەم سەردانەی بەدەرفەتێکی گرینگ باسکردبۆ زیاتر گەیاندنی دەنگی لاوانی کورد بەدنیای دەرەوە و پاشان ڕۆڵی دەبێت لەبەرو پێشچوونی چۆنیەتی و چەندێتی کاروچالاکییەکانی ڕێکخراو لەئاستی ناوەخۆو دەرەوەدا. پاشان سەرۆکی ڕێکخراوەکە و ئەندامانی بەشداری وەفدەکە دڵخۆشی خۆیان بەم سەردانە دەربڕی و هیوایان خواست ئەم سەردانە ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە سود گەیاندن بە لاوان لە ڕێگای ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە و هەوڵدان بۆ چالاکی جۆری بۆ خرمەتی لاوان.
پاشان سکرتاریەتی ڕێکخراو لەگەڵ وەڤدەکە کۆبوونەوە و باسیان لە ئاڵنگاری و هەوڵەکان کرد بۆ خزمەتی لاوان و نەهێشتنی بەربەستی بەردەم گەشەکردنی تواناکانی لاوان. شایانی باسە لە 26/4/2025 لە شاری سلێمانی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بەهاوبەشی لەگەڵ IUSY و دامەزراوەی VIM کۆنفرانسی هاوبەشیان هەیە دەربارەی دۆزی کورد و دۆخی لاوان.

## وەفدێکی یەکێتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆشیالست سەردانی مەکتەبی ڕێکخراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کرد.



ڕۆژی پێنج شەممە بەرواری 24/4/2025، لە شاری سلێمانی، وەفدێکی یەکێتی نێونەتەوەیی لاوانی سۆشیالست، سەردانی مەکتەبی ڕێکخراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کرد. کە وەفدەکە پێکهاتبوو لە سەرۆک و سکرتێری گشتی یەکێتیەکە و نوێنەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نوێنەری لاوانی زیاتر لە پانزە وڵات کە ئەندامن لە IUSY.

سەرەتا لەبارەگای مەکتەبی ڕێکخراوەکان، وەفدەکە لەلایەن بەڕێز بورهان سەعید سۆفی لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، بەئامادەبوونی هەریەک لەبەڕێزان فریاڵ عەبدللە و عباس فتاح ئەندامانی سەرکردایەتی و بەڕێز هێرش نامق سکرتێری ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان و هەڤاڵانی مەکتەب پێشوازی کران.

سەرەتا بورهان سعید سۆفی لێپرسراوی مەکتەب، بەخێرهاتنی گەرمی وەفدەکەی کردو باسی ڕۆڵی لاوانی کرد لە بەرەوپێشچونی کۆمەڵگا و بەبڕبڕەی حیزی چواندن کە هەمیشە پاڵپشتی بەهێزن بۆ گەشەپێدان و نوێبوونەوەی هەموو حزب و بزوتنەوەیەکی سیاسی.

هەرلەدرێژەی کۆبوونەوەکەدا هەڤاڵان فریاڵ عبداللە و عباس فتاح بەخێرهاتنی یەکێتیەکەیان کرد بۆ کوردستان و باسیان لەگرنگی پەیوەندی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کرد، کەلەڕێیەوە دەتوانرێت خزمەتی زیاتری لاوان بکرێت و دۆزی کورد و لاوانی کورد بەدنیای دەرەوە بگەیەنرێت.

ڕۆژی دووشەممە بەرواری 21/4/2025 لەشاری هەولێر، بەڕێز هێرش نامیق سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان پێشوازی کرد لەبەڕێز (ڕێزان کا ئارسانارسلان) هاو وتەبێژ لە ئەنجومەنی لاوانی دەم پارتی، کە لە چوارچێوەی بۆردی ئاشتی دەم پارتی سەردانی هەرێمی کوردستانی کردبوو، بۆ گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە لەسەر پڕۆسەی ئاشتی، هەر لەدانیشتنەکەدا هەردوولا گفتوگۆی سودبەخشیان کرد دربارەی پشتیوانی پڕۆسەی ئاشتی و هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەردوولا لە هەرقۆناغێکدا و ئەنجامدانی کاری هاوبەش لەداهاتوودا.





سکرتێری ڕێکخراو، پێشوازی کرد لە لێپرسراوی بۆردی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان.
ئەمڕۆ یەکشەممە بەرواری 20/4/2025، بەڕێز هێرش نامق سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەشێک لە ئەندامانی سکرتاریەت لەبارەگای سکرتاریەتی ڕێکخراو، پێشوازی کرد لە بەڕێز فریاڵ عبداللە، لێپرسراوی بۆردی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان.

سکرتێری ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان پێشوازیکرد لە نوێنەری دەم پارتی لەهەرێمی کوردستان.

ئەمڕۆ سێ شەممە 15/4/2025 لەشاری هەولێر بەڕێز هێرش نامق سکرتێری ڕێکخراو بە ئامادەبوونی دابان حەسەن لێپرسراوی سەنتەری هەولێر و هێمن مام ڕەش، پێشوازی لە بەڕێز مورات شێن نوێنەری دەم پارتی لە هەرێمی کوردستان کرد، هەر لە دیدارەکەدا ڕەوشی ناوچەکە و پڕۆسەی ئاشتی و ڕەوشی لاوان تاوتوێکرا، گفتوگۆی قوڵکرا لە سەردۆزی ڕەوای کورد.

وەفدی میوان لە دنیشتنەکەدا ئاماژەیان بەهاتنی وەفدێکی باڵای دەم پارتی کرد بۆ هەرێمی کوردستان لەماوەی ئایندەدا لە چوارچێوەی پڕۆسەی ئاشتی لە باکوری کوردستان، کە وەفدەکە پێکدێت لەسەرانی باڵای دەم پارتی و پەرلەمانتارانی حزبەکە و لاوانی دەم پارتی.

لە بەرمبەردا سکرتێری ڕێکخراو خۆشحاڵی خۆی بەوسەردانە و بەرەوپێشچونی پڕۆسەی ئاشتی لە باکوری کوردستان دەربڕی و پێشنیاری کرد لە ماوەی داهاتوودا کۆبوونەوەی فراوانی لاوانی کورد بکرێت و تێیدا دیدی لاوان و تێڕوانینیان بۆ دۆزی کورد بەگشتی تاوتوێ بکرێت و پاڵپشتی و پشتیوانی بۆ پڕۆسەی ئاشتی دەرببرن.



خولی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان لە زانکۆی کۆیە دەستی پێکرد

ئەمڕۆ یەک شەممە، بەرواری 13/4/2025، لە هۆڵی سەنتەری پێداگۆجی لە زانکۆی کۆیە، (خولی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان) بۆ لاوان و خوێندکارانی شاری کۆیە دەستی پێکرد.

خولەکە لە لایەن ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بە هەماهەنگی سەنتەری پەرەپێدانی کاری زانکۆی کۆیە (CDC) کراوەتەوە

خولەکە بۆ ماوەی هەفتەیەک بەردەوام دەبێت و لە خولەکەدا فێرخوازان ئاشنا دەکرێن بە بنەماکانی بزنس و چۆنیەتی خۆ ئامادەکردن بۆ چونە ناو دنیای کار و ئەنجامدانی کاری سەربەخۆی خۆیان، کە چۆن بیرۆکە و ئایدیاکانیان بگۆڕن بۆ کردار و ببنە خاوەن پیشەی خۆیان.

شایەنی باسە بەشداربووانی خولەکە بریتین لە 35 لاو و خوێندکار، لە سەرجەم ئاستەکانی خوێندن و لە تەمەن 18 تاوەکو 30 ساڵ.

لەیەکەم ڕۆژی خولەکەشدا وانەی (کارامەیی پەیوەندی و درووستکردنی پەیوەندی) لە لایەن مامۆستا سۆران عومەر بەڕێوەبەری سەنتەری پێداگۆجی زانکۆی کۆیەوە وترایەوە.

ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان لەوەرزی نوێی کارکردنی گرنگی بەو چالاکی و بوارانە دەدات کە زۆرترین سودی بۆ لاوان دەبێت لە درووستکردن کاری کەسی و خستنە سەرکاری لاوان، پاراستنی ژینگە و دەرخستنی بەهرەی لاوان.



## وێبسایتی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بەردەست کرا

لاوانی خۆشەویست و ئازیز ...

لە ئێستاوە وێبسایتی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی www.kyfo.org بەردەستکرا، لەم وێبسایتەوە دەتوانن بینەری تەواوی کارو چالاکی ڕێکخراوەکەمان بن و ببێتە سەکۆیەکی ئازاد بۆ گەیاندنی دەنگ و ڕەنگی ئێوە.







### هەڵەبجە هێمای خۆڕاگری و ئازار

لە 37 ـەمین ساڵیادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا، کەزامێکە هەرگیز سارێژ نابێت و پەڵەیەکی ڕەشە بەسەر تەوێڵی دووژمنانی گەلەکەمانەوە، سەرمان دادەنەوێنین بۆ ڕۆحی بەرزەفڕی شەهیدانی ئەوکارەساتە، وە داواکارین هەرچی زووە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵێکی بدات کە هەموو بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی لەشارەکەدا چارەسەری پێویست بکرێن و کەمێ لە ئازاریان کەم بکرێتەوە، وە داواکارین ئەو یادە مەزنە بکرێتە هەوێنی تەبایی و خزمەتکردنی زیاتری خەڵکی شاری هەڵەبجەی خۆشەویست، شارێک کە هەمیشە هێمای خۆڕاگری بووە.

ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان

## پیرۆزبێ (8)ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان




ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان ئەم ڕۆژە بەرز ڕادەگرێت و پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی ژنانی کوردستان و جیهان دەکات، ئێمە بەو پەڕی توانامانەوە خەبات دەکەین بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دوور لەچەوسانەوە و هەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بۆ ژنان و پیاوان، هەروەک لە درووشمەکانمان دا هاتووە (ئازادی، چونیەکی، چالاکی)، لە ژێر ڕۆشانیی ئەمەدا دەرفەتی ئازادانە دەڕەخسێنین بۆ کچان و ژنان تا بێ جیاوازی لە چالاکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، هونەری و هتد. لەگەڵمان بەردەوام بن، بەشانازیەوە لەڕابردوودا ڕێکخراومان چەندین ژنی سەرکردەی بۆ کوردستان پێگەیاندوە، کە لەکایە جیاوازەکاندا خزمەت دەکەن.



## بەڕۆحیەتی لاوانەوە یادی ڕاپەڕینی پڕشکۆی گەلی کوردستان دەکەینەوە.

ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، بە ڕۆحیەتێکی لاوانەو پڕ ئومێدەوە یادی ڕاپەڕینی پڕشکۆی گەلی کوردستان دەکاتەوە و سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدەکانمان دادەنەوێنین، لاوان وەک هەمیشە ورەی بەرز و بازووی پۆڵاین بوون بۆ شۆڕش و ڕاپەڕینی گەل، لە خەباتی شاخ هەڵۆی بەرزەفڕ و دوای ڕاپەڕینیش بەبیری پێشکەوتنخوازەوە سەرمەشقی بەرەوپێشچون و ئاوەدانکردنەوەی وولاتبوون، بۆیە ئێستاش بەهەمان ڕۆحیەتی ئەو سەردەمەوە لاوان سەرمەشقی گۆڕانکاری و چاکسازین، خەباتکاری ڕێگای سەربەخۆی و بەدەست هێنانی ئامانجەکانی ڕاپەڕینن، هەر لاوانن پارێزەری دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین. هەر لەساڵیادی ڕاپەڕین، ئومێدەوارین گۆڕانکاریە خێراکانی ناوچەکە لە بەرژەوەندی گەلی کوردمان بێت لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان و ئاشتی و ئارامی باڵبکێشێت بەسەر ناوچەکەدا، وە هیوادارین لە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر گرنگی بە لاوان و توانا و بەهرەی لەبن نەهاتووی لاوان بدرێ و دەرفەتی کاری زیاتر لە ناوەخۆ بۆ لاوان بڕەخسێندرێت، هەوڵی کەمکردنەوەی کۆچکردنی لاوان بۆ دەرەوەی وولات بدرێت.

ئەمڕۆ سێ شەممە 4/3/2025 لەشاری سلێمانی، بەڕێز (هێرش نامیق) سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان و وەفدی یاوەری سەردانی دامەزراوەی ڤیم یان کرد، سەرەتا لە لایەن خاتوو (تارینا)پێشوازی کران و پاشان بەشەکانی دامەزراوەی ڤیم یان بەسەرکردەوە و بەکارو پڕۆژەکانی دامەزراوەکە ئاشناکران. هەر لەدرێژەی سەردانەکەدا کۆبوونەوەیەکی گرنگیان ئەنجامدا و گفتوگۆی سودبەخش کرا دەربارەی کارو چالاکی هاوبەش بۆ خزمەتی لاوان و کۆمەڵگا لە ماوەی داهاتوودا.









ئاهەنگی دەرچوون بۆ دەرچوانی پەیمانگای تەکنیکی کەرکوک سازدرا.

سەنتەری کەرکوکی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، ڕۆژی پێنج شەممە 27ی شوبات 2025، ئاهەنگی دەرچونی بۆ خوێندکارانی پەیمانگای تەکنیکی کەرکوک – بەشی پزیشکی پەرستاری ئەنجامدا لە هۆڵی بۆنەکانی پارێزگای کەرکوک بە هاوکاری بەڕێز (عبداللە میروەیس)ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک. لە ئاهەنگەکەدا، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و کەس وکاری خوێندکاران ئامادەبوون.












# چۆن لاوان تواناکانی خۆیان بگۆڕن بۆ بزنس

ئەمڕۆ شەممە بەرواری 1-2-2025 سەنتەری کەرکوکی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بە هاوبەشی دامەزراوەی ژیار، سیمینارێکی بۆ گەشتیار غەریب ئەنجامدا بە ناونیشانی (چۆن لاوان تواناکانی خۆیان بگۆڕن بۆ بزنس).
لە سیمینارەکەدا کە ژمارەیەک لە کچ و کوڕی لاو لە کەرکوک ئامادەی بوون، ڕاهێنەر هانی بەشداربووانی داو، ئەو ڕێگایانەی بۆ ڕوونکردنەوە کەچۆن تواناکانی خۆیان بەگەڕ بخەن و بیگۆڕن بۆ پرۆژەی تاکەکەسی و وەبەرهێنانی تیابکەن، تاوەکو ببێتە سەرچاوەی داهات بۆیان.
ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، لەوەرزی نوێی کارکردنیدا هەوڵ دەدات لەسەرجەم شارو شارۆچکەکان لەڕێی وۆرک شۆپ و خول و سیمیناری تایبەتەوە هانی لاوانبدات و تواناکانیان بدۆزنەوە و ببنە خاوەن پرۆژەی کەسی.



## کۆمیتەی تەنفیزی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، لەگەڵ هەڤاڵ قوباد تاڵەبانی کۆبۆوە.

ئەمڕۆ پێنج شەممە 30/1/2025 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە شاری هەولێر، کۆمیتەی تەنفیزی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بە ئامادەبوونی سالار مەحموود، لەگەڵ هەڤاڵ قوباد تاڵەبانی کۆبۆوە و تاوتوێی کارو چالاکیەکانی ڕێکخراو و چۆنیەتی کارکردن و خزمەتکردنی لاوان لە داهاتوودا کرا.

لەسەرەتای کۆبوونەوەکە، هەڤاڵ هێرش نامیق سکرتێری ڕێکخراو، سوپاسی قوباد تاڵەبانی کرد بۆ پشتگیری و هاوکاریەکانی بۆ ڕێکخراو و پاشان تیشکی خستەسەر کار و چالاکیەکانی ڕێکخراو لەماوەی ساڵی ڕابردوودا، لە دەستبەکاربوونی ستافی نوێی سکرتاریەت و دووبارە ڕێکخستنەوەی هەیکەلی ئیداری و بنیاتنانەوەی پەیوەندیەکان و ئەنجامدانی چەندین چالاکی جۆراو جۆر لە لایەن سکرتاریەت و سەنتەرەکانی ڕێکخراوەوە.

هەر لە درێژەی کۆبوونەوەکە هەڤاڵ قوباد تاڵەبانی، دڵخۆشی خۆی بەدووبارە ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان دەربڕی و ڕۆڵی لاوانی بەرزنرخاند لە بەشداری کارایان لە تیمەکانی هەڵبژاردن لەسەرتاسەری کوردستان و ڕۆڵی باڵای لاوان لە نوێبوونەوە وپێگەیاندنی کادیری لاو بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پاشانیش هانی ڕێکخراوەکەی دا کە بە نوێبوونەوە و دانانی پەیڕەو و پرۆگرامێکی سەردەمیانە هەوڵدەن بە فکرو ڕوئیای نوێ خزمەتی لاوان بکەن و هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکاریەکان بەرەوپێشەوەبچن لە ئەدای فکری و ڕێکخراوەیدا، لە کۆتایی قسەکانیشیدا پشتگیری تەواوی خۆی بۆ ڕێکخراو دەربڕی و بەڵێنی هەموو هاوکاری پشتیوانیەکی دا.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەشدا دەرگای گفتوگۆکرایەوە و ئەندامانی کۆمیتەی تەنفیزی گفتوگۆیەکی چڕوپڕیان لەگەڵ قوباد تاڵەبانی ئەنجامدا و تاوتوێی بارودۆخی لاوانکراو دیدو بۆچوونەکانیان ئاڵوگۆڕ کرد.



**سێ شەممە 28/1/2025 وەفدێکی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان، بە سەرۆکایەتی (هێرش نامیق) سکرتێری ڕێکخراو و ئەندامێتی هەڤاڵانی سکرتاریەت و بەڕێز ل. سەنتەری** کەرکوک، لە شاری کەرکوک سەردانی هەڤاڵ (ئاسۆ مامەند) سەرپەرشتیاری کەرکوک-سەلاحەدینی (ی.ن.ک) ی کرد.

لەسەرەتای دیدارەکەدا هەڤاڵ ئاسۆ مامند بەخێرهاتنی وەفدەکەی کردو خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەسەردانەکە، پاشان هێرش نامیق سکرتێری ڕێکخراو سوپاسی ئەم پێشوازیە گەرمەی بەڕێزیانی کردوو، سوپاسی کرد لەپای هاوکارییەکی لە ڕابردوو بۆ ڕێکخراو و پشتیوانیەکانی ئێستای، پاشانیش کورتەیەک لە کاروچالاکییەکانی ڕابردووی ڕێکخراوی بۆ بەڕێزیان باسکرد و بەرنامە و پلانی داهاتووی ڕێکخراوی خستەڕوو بۆ خزمەتکردنی لاوانی سنورەکە.

لە کۆتایشدا ئاسۆ مامەند پشتیوانی تەواوی خۆی بۆ ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان دەربڕی و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەکارو چالاکییەکانی ڕێکخراو و بەرنامە و پلانی ڕێکخراوی بەرزنرخاند بۆ ئەوەی لەداهاتوو کاری لەسەر بکرێت، بەڵێنی هەموو هاوکاری و کارئاسانییەکی دا.

پاشانیش هەر لەشاری کەرکوک وەفدی سکرتاریەت سەردانی هەڤاڵ ڕەوەند مەلا مەحمود لێپرسراوی مەڵبەندیان کرد، تەوەری گفتوگۆکان چۆنیەتی خزمەتکردنی لاوان و بەرەوپێشبردنی چالاکییەکان بوو لەسنورەکە.



ئەمڕۆ سێ شەممە 28/1/2025، لە شاری کەرکوک، بەڕێز (هێرش نامیق) سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بەیاوەری بەشێک لە ئەندامانی سکرتاریەت و هەڤاڵان لە سەنتەری کەرکوک، بەمەبەستی پیرۆزبایی سەردانی بەڕێز (د. ڕێبوار تەها) پارێزگاری کەرکوکیان کرد و چەپکە گوڵی پیرۆزباییان پێشکەش کرد.

سەرەتا د. ڕێبوار تەها بەخێرهاتنی گەرمی وەفدەکەی کرد و دڵخۆشی خۆی بەو سەردانە دەربڕی، پاشان سکرتێری ڕێکخراو، پیرۆزبایی لەبەڕێز پارێزگار کردو هیوای سەرکەوتنی بۆخواست لەکارەکانی، بەڵێنی هەموو هاوکاری پاڵپشتیەکی لاوانی پێدا بۆ زیاتر خزمەتکردنی لاوانی ناوچەکە و سەرکەوتنی بەڕێزیان لەو ئەرکە پیرۆزەی پێی ڕاسپێردراوە.

لە کۆتایشدا پارێزگاری کەرکوک باسێکی لە کاروچالاکییەکانی حکومەتی خۆجێی کەرکوک کرد بۆ خزمەتی شارەکە و باسی لەگرنگی وزەو توانای لاوانکرد بۆ کارکردن و بەردەوامی ڕۆحیەتی خزمەتکردن، وە بە شانازییەوە باسی لەوەش کرد کە سەردەمانێک ئەویش ئەندامی ڕێکخرای ئازادیی لاوانی کوردستان بووە.



بەڕێزان سەرنوسەر و کارمەندانی PUKMEDIA.
لە 22 هەمین ساڵیادی دامەزراندنی دەزگاکەتان گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایتان ئاراستەدەکەین و هیوای بەردەوامیتان بۆ دەخوازین و بەهیوایین لەبواری ڕاگەیاندن وەک هەمیشە سەرتۆپی دەزگا ڕاگەیاندنەکانبن لە گواستنەوەو گەیاندنی دەنگ و داواکاری هاوڵاتیان و لاواندا.
هەر لەم یادەدا خۆمان بەخۆشحاڵ دەزانین کە دەزگایەکی ئەلیکترۆنی وەکو ئێوە ببنە دەنگ و ڕەنگی لاوان و گەیاندنی پەیامی هاوڵاتیان و لاوانی کوردستان بەدنیای دەرەوە لەڕێگەی گەیاندنی پەیامەکانەوە بە زمانە زیندوەکانی جیهان.




هێرش نامیق :
سکرتێری ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان

ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان چەپکە گوڵی پیرۆزبایی پێشکەشی کەناڵ 8 کرد.
ئەمڕۆ وەفدێکی سکرتاریەتی ڕێکخراوی ئازدی لاوانی کوردستان کە پێکهاتبوو لە تاژان سۆران و دڵشاد لەتیف ئەندامانی سکرتاریەت، سەردانی Channel 8 یان کرد بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی کەناڵەکە، چەپکە گوڵی پیرۆزبایی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان Kurdistan Youth Freedom Organization یان پێشکەش بەکەناڵەکە کرد و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاتریان بۆ کەناڵەکە خواست.



ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان سەری ساڵی 2025 پیرۆز دەکات.


بەبۆنەی سەری ساڵی نوێی زاینی 2025، ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستەدەکات و هیوای ساڵێکی پڕ خۆشی و کامەرانیتان بۆ دەخوازێت.
بەهیواین ساڵی تازە، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕی جدی بداتەوە لەخەم و کێشەکانی لاوان و دەستەبەری و کارئاسانی بکات بۆ بەدیهێنانی خەونی لاوان و گەیشتن بەئامانجەکانیان.
ڕێکخراوەکەمان لە ساڵی نوێدا بە بەرنامە و پرۆگرامی بەسود هەوڵدەدات خزمەت بە لاوانی خۆشەویستی کوردستان بکات.
ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان



ڕێکخراوی ئازادیی لاوان هەڵمەتی کۆکردنەوەی کتێب بۆ کتێبخانەی چەمچەماڵ ڕادەگەیەنێت.

وەک دەزانن لە مێژوودا شارەزوور بەگشتی و سەیدسادق بەتایبەتی خاوەنی دەیان نوسەروشاعیری باڵا و خەڵکی خوێندەوار و ئەهلی کتێب بوون، بۆیە لەڕوانگەی خەمخۆریمان بۆ کایەی ڕۆشنبیری و خوێندن و ئەهلی کتێب وەک سەنتەری سەیدسادقی ڕێکخراوی ئازادیی لاوان ، کەمپینی بەخشینی کتێب ڕادەگەیەنین بۆ کتێبخانەی چەمچەماڵ کە بەهۆی لافاوەکەی ئەم دواییەوە زیانی زۆری پێگەیشتوە . داوا لە سەرجەم خەڵکی شارەکەمان و دەوروبەری شارەزوورو پێنجوێن و هەڵەبجە دەکەین کە بێن بەدەم کەمپینەکەمانەوە و بەپێی توانا لەکتێبخانەکانیان کتێب ببەخشن و هەتا بەهەموان بتوانین کتێبخانەی چەمچەماڵ بە کتێب ڕۆشن بکەینەوە.

تێبینی / کەمپینەکەمان لە رۆژی شەمە / 13/12/2025
سەعات 10 سەرلەبەیانی دەست پێ دەکات و ماوەی یەک هەفتە بەردەوام دەبێت
شوێن / بارەگای سەنتەر.



کادیرانی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بۆ جاری دووەم بەشداری خولی سەرکردایەتی سیاسی لاوانیان کرد.

لە ڕۆژانی 6 و 7 ی 12 /2025 لە عەممانی پایتەختی شانشینی ئەردەن، ئەندامانی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بۆ جاری دووەم بە نوێنەرایەتی مەکتەبی پەیوەندییەکان، بەشداری خولی سەرکردایەتی سیاسی لاوانیان کرد.

خولەکە بۆ ئەندامانی پارتە سۆسیالیستیەکانی وولاتانی عەرەبی ڕێکخرابوو، کە لەلایەن پارتی کرێکارانی بەریتانی و دامەزراوەی FMS ی هۆڵەندی پرۆگرامەکان ئەوترانەوە و ئەکادیمیای MENA سەرپەرشتی دەکرد.

لە خولەکەدا بەشداربووان ڕاهێنانیان پێکرا لەسەر شارەزایی سەرکردایەتی و داڕشتنی ستراتیژی کەمپەینی هەڵبژاردن و گەشەپێدانی یاسایی.

ئامانجی ئەم ۆرکشۆپانە بەهێزکردنی پێگەی لاوان و ڕاهێنانیانە بۆ هەبوونی ڕۆڵی کاریگەر لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە خۆجێییەکان و ئاگاداربوون و درووستکردنی ڕۆڵ لە کۆڕو کۆبوونەوە جیهانیەکانە.







بەشداری سەنتەری کەرکوکی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بۆ جوانکردن و خزمەتکردنی ژینگەی شاری کەرکوک.



سەنتەری کەرکوکی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان خولێکی فێربونی زمانی ئینگلیزی بۆ (50) لاوی کەرکوک کردەوە.





## ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان – سەنتەری کەرکوک

ڕۆژی پێنج شەممە 7 / 8 / 2025 لەبەرنامەکانمان بۆ بەهێزکردنی تواناکانی لاوان لە بواری زمان بە هاوکاری سەنتەری ڕۆشنبیریی کەرکوک خولێکی فێربوونی زمانی عەرەبیمان کردەوە بۆ (50) لاو لە کچان و کوڕانی شاری کەرکوک.







# هەواڵنامەی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان دروستکراوە لە لایەن ڕاگەیاندنی مەکتەبی سکرتارێەت.


www.kyfo.org
ئیمەیل: info@kyfo.org
ناونیشان: شەقامی کارێزە وشك، سلێمانی،
هەرێمی کوردستان، عێراق 46001

تەلەفۆن/پەیوەندی:
07706488810


:Office Hours
Saturday-Thursday, 9:00 AM – 5:00 PM